# ڕونكردنەوەیەك پێویست بۆ خوێنەرانی گۆشەی نێچیری هەفتە

عەلی مەحمود محەمەد

یەكێك لە نێچیرەكانی بەرواری 11-5-2005 ی ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان تایبەت بوو بە هاوڕێ و خۆشەویستم كاك دلێر . كەئەمەی خوارەوە پوختەكەیەتی :

– كاك دلێر محەمەد شەریف ئەندام پەرلەمانی سوێند نەخواردووە , نازانم معاشییان بۆ حیسابە یان چاوەڕوانی موباشەرە دەكەن , برام جاریّ سوێندت نەخواردووە چۆن لە ئاست ناوەكەت لە ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان نوسیووتە ئەندام پەرلەمان , 5 مانگ ڕۆیی 5ی كەت ماوە, بە 5 نەتوانیت سوێندێك بخۆیت , بە 500 یش ناتوانیت قسەیەك بكەیت .)).

كاك دلێر بەرامبەر بەم نێچیرە توڕەیەو گازندەی ئەوەم لیّ دەكات كە من باسی معاشم هێناوەتە پێشەوە, بەڵام ئەو كوردییەكەی لەمن گەلێك باشترە , من لەم نێچیرە بە كۆ قسەم كردووە نەك تاك , واتە لەگەڵ ئەوم نەبووە بە تەنها بەڵكە لەگەڵ هەموو ئەندام پەرلەمانەكانم بووە , باوەڕ ناكەم هیچ یەكێك لە 110 پەرلمانتارەكەی كە و ئەوانەشی ڕۆیشتن , لە كاك دلێر دڵسۆز ترین , چ بۆ كورد یان بۆ هەزارانی كوردستان , پێخۆشحاڵیشم كەسانی وەك دلێر بچنەئەو شوێنە , ئەگەر هیچیشیان پیّ نەكرێت دەتوانن پرسیارە زۆرەكانمان بگەیەنن .

لەم نێچیرە بە دوورو بە نزیكی باسم لەوە نەكردووە كە ئەو بۆ مانگانە چۆتە ئەو شوێنە . بەڵام ئەوە یاسایە یەكێك ڕازی بێت بچێتە شوێنی بەرز دەبێت قوربانی بەوەش بدات لە بەرچاوی هەموان بێت , با ئەم بەردە بچوكەی منیش قەبوڵ بكات .

من كاك دلێر چاك دەناسم چ لە سەردەمی خەباتی شاخ یاخود لە شار , پێخۆشحاڵم كە كەسایەتییەكی خاكی وەك دلێر بچێتە پەرلەمانەوە كە بە لەنگە فرۆشی ژییانی خۆی دابین كردووەو ڕۆژێك لە ڕۆژان ئامادە نەبووە هونەر و قەڵەمەكەی هەرزان فرۆش بكات , هەمیشەش قوربانی دەست هەڵوێستەكانی بووە . بەڵام ئەگەر ئامادەی وەرگرتنی ئەو شوێنەی هەبێت دەبێت تەمرینی بەهێز كردنی ڕوحی ڕەخنەگرتن بكات , مرۆڤ تا بەرز بێتەوە زیاتر دەرە كەوێت و زۆرتر بەرەو ڕوی ڕەخنە دەبێتەوە . ڕەخنەكەی من تەنها ئەوەندە بووە كە هێشتا سوێندی نەخواردووە و لە ئاست ناوەكەی نوسێوییەتی ئەندام پەرلەمان , وە دڵنیاشم كردۆتەوە ئەم پەرلەمانەش وەك ئەوەی پێشوو تر دەبێت ئەگەر خراپتر نەبێت , بە 5 مانگ سوێندێك نەخۆن , بە 500 مانگیش ناتوانن قسەیەك بكەن , ئەوە من و ئەوە تۆو ئەوە ڕۆژگار .

لە كۆتاییدا داوای لێبوردن دەكەم لەوەی ئەگەر بەهۆی دەربڕینی خراپی ڕستەكانمەوە , باش بیرو باوەڕی خۆم دەر نە بڕیبێت و زیانم بە كاك دلێر گەیاندبێت , هیوادارم هەموو پەرلەمانتارە سوێند نەخواردووەكان كە ئەم ماوەیە ئەزموونی وەرزشی ئەنجام بدەن , تا ئەو ڕەخنانەی ڕۆژانە بەرەو ڕووی دەبنەوە بە ڕوحییەتی وەرزشییەوە وەری گرن , بە تایبەت ترسی ئەوەم هەیە لەم سەردەمی دیموكراتییەتە جرتۆفسكییەكییان لیّ پەیدا بێت ! !.

ئەگەر پەرلەمانتارێكی كۆمۆنیست تەنگەتاو بێت بە بچوكترین ڕەخنە , بە بەشداری پەرلەمانتارەكانی دیكە لە شەڕی ناوخۆیی مەمنونیین !.